# ستایشەکانی ئاوێنە

فەرەیدوون سامان
faraydunsaman@yahoo.com



ئاوێنەش لە سیمام راماوە
دەڵێی نامناسێتەوە
بەگومانە من خۆم بم

منی میراتگری عیشقێکی ئەفسانەیی
لەوەرزی خنکانی هەناسە و
بەدمەستی ئەفیونی گوڵەکان

منی جێماو لەدووریانێ
سەرە رێیەکی مەرگە و
ئەویدیکەش لێژدەبێتەوە بەرەو چاڵی بزربوون

لەمەملەکەتی یۆتۆپیای عیشق
سەفەری خەونی مەحاڵ
نەگەیشتن بە بۆنی گوڵەکان

ئاوێنەش بەگومانە
کەمن خۆمم
یان ئەو نیم

ئەرێ
تۆ بڵێی ئەوە من بم
ئەدی بۆ لەخۆم ناچم

ئەوە رووباری رۆحی کێیە وشك بووە
کەنارەکانی حاشا لەجەستەی دەکەن
ترۆپکی کام کێوە

بوومەلەرزەی نائومێدی

هەپروون بەهەپرووونی کردووە

گڕکانی کام گوناهە

سەراپا جەستەی داگرتووە

نا ئەوە من نیم

من دەمێکە ژیانم

کاتژمێرێکی خەوتووە

ئیدی چما ئاوێنە بمناسێتەوە

جارێکی دی ئامێز بۆ سەر گەردانیم بکاتەوە

من پیرێکی هەزار ساڵەم

لەوەتەی هەم

سەرگەردانی شارەکانم

کەچی هێشتا لە سوچێکی

کوچەی عیشی ئەودا بەجێماوم

بێهودەیە خەیاڵ

خەو بینین

لەنێو ژوورێکی تاریك

گۆرانی چڕین

ڕۆژگار تێپەڕی

هێشتا پاسارییەکان نەگەڕانەوە

لەئێوارەیەکی پاییزیدا

بەنێو هەورەکاندا پەرت بوون

هەڵفڕین

نەبەرەبەیان

نە دەمەو ئێوارە

هەنووکە شتێکم وەبیر نایێ

خەیاڵم تەنها لای گوڵەکانە

بەڵام ئەو وێنەی تاوسێکی لەخۆبایی

**جیلوەیەکی نیشاندام و ڕۆیی**

**ئاوازی شڵپەی شەپۆلێکی ڕەنگاوڕەنگی**

**بۆ هێنام**

**لەگەڵ گۆرانی ماڵاوایی کەنارەکان**

**دەنکە ترێیەکی بۆ کردمە دیاری.**